# کورد لە سەفەرنامەی "گاسپار درۆڤیل"دا

لە فەرەنسییەوە بۆ فارسی: مەنووچێهر ئیعتیماد موقەددەم
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

**ئاماژە**

گاسپار درۆڤیل (Gaspard Drouville)، لە سەردەمی فەتحعەلی شای قاجاردا لە ساڵی ١٨١٢-١٨١٣ی زایینی، هاتووە بۆ ئێران و کتێبی "سەفەر لە ئێران"ی(١) دەسکەوتی ئەم گەشتەیە کە تێیدا بابەتگەلی جۆراوجۆر لەمەڕ ئێران؛ وەک کاروانسەرا، بازاڕ، حەمامی گشتی، خۆراک و... تاد باس کراوە. درۆڤیل لە سەرەتای گەشتەکەی بۆ ئێران، بە تەمای نووسینی کتێبێک بووە لە بواری سوپایی و حکوومەتدا، بەڵام پاشان بەهۆی تایبەتبوونی ئەو جۆرە نووسراوەیە و سوودبەخش نەبوون بۆ زۆربەی خەڵک، سەرنجی داوەتە سەر دابونەریت؛ بە وتەی خۆی، پاشان ئامانجی سەرەکی کتێبەکەی بوو بە شتێکی لاوەکی، درۆڤیل هۆکاری دنەدەری هۆگرییەکەی بە دابونەریت، بەم جۆرە شی دەکاتەوە: «هەموو ئەو نووسەرانەی تا ئێستا سەبارەت بە ئێران کتێبیان نووسیوە؛ چ مێژوونووس چ دنیاگەڕ، گرینگی زیاتریان بە شوێن داوە و لە دابونەریتی دانیشتووانی ئەم بەشە سەرنجڕاکێشەی کیشوەری ئاسیا، وەک ڕێبوار تێپەڕیون، ئەوەش بوو بە هاندەرم تا ئەو جێیەی دەکرێ وردە جیاوازییەکانی سەرنجڕاکێشی نێوان ژیانی ئەوروپاییەکان و نەتەوەکانی دیکەی ئەم بەشە، بناسێنم» (درۆڤیل، ١٣٦٥: ١).

لەمەڕ ناوەرۆکی ئەم سەفەرنامەیە دەبێ بڵێین، بەداخەوە خاڵی نەرێنی زۆری تێدا هاتووە، بەڵام لەپاڵ ئەم خاڵە سەلبییانەشدا، خاڵی ئەرێنی باشیشی تێدا دەبینرێ، بەهەرحاڵ ئێمە ناکرێ چاوی لێ بنووقێنین، یان بیقرتێنین و بە یەکجار خوێندنەوە وەلای نێین؛ بەڵکو



**فەتحعەلی شا**

دەبێ خاڵە باشەکانی بۆ قەرەبووی کەلێن هەڵبژێرین و هەڵەکانی بە بەڵگە ڕاست بکەینەوە، لێرەدا من چەندان پەراوێزم نووسیوە کە پێموایە پێویستە زیاتریشیان لەبارەوە بنووسرێ؛ لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێک ئاگاداری کولتوورەکەمان نەبێ، ڕەنگە هێندێ قسەی ناڕاست زەق بکاتەوە و ددان بە شتە باشەکاندا نەنێ!

کتێبی "سەفەر لە ئێران"ی گاسپار درۆڤیل، سەرجەم لەخۆگری دوو کتێبە کە هەرکام لە چەندان بەش پێکهاتووە، لە چەند بەشیدا، باسی کورد کراوە، بەڵام بەشی سی و هەشت هەمووی تایبەت بە کوردە، ئێمە ئەو بەشانەی باسی کوردی تێدا هاتووە، لە زمانی فارسییەوە وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، جێی ئاماژەیە بڵێم پەراوێزەکانی وەرگێڕی فارسیم بە [و.ف] نیشان داوە.

### بەشی ٢: (لە کتێبی یەکەم)

ئێرانییەکان خەڵکێکی بە ئەدەبن و بە نەزاکەتەوە قسە دەکەن، حەز دەکەن بیروڕا و زانستی خۆیان بە بەرانبەرەکەیان بنوێنن، هۆگرییەکی زۆریان بە ئەسپی کەحلان و لەویش زیاتر بە چەک هەیە، لەبەر ئەوەی ڕێزی خۆیان بەرنە سەر، زۆر گیرۆدەی ئەوەن کە ژنەکانیان هەمیشە بەرگی گرانبایی بپۆشن و بە جەواهیراتێکی زۆر خۆیان برازێننەوە.

بە بڕوای من تەنیا هەڵاوێردەی ئەم باسە، خەڵکی کرماشانە(٢)؛ لەبەر ئەوەی ئەم خەسڵەتانەی ڕەپاڵیان داون، نە تەنیا پێوەندیان بەوانەوە نییە، بەڵکو خۆشیان ئەم خەسڵەتانە سەرکۆنە دەکەن، جودا لە میوانەوازییان کە ئەویش زیاتر لە ڕووی عادەتەوەیە، دەتوانین ئەوان لەگەڵ بوونەوەرانێکی بێ ژیوەر(*)، یەکسان بەحسێب بێنین، سەبارەت بە هەستیاریی ئینسان و ئەوەی پێوەندی بە مرۆڤایەتییەوە هەبێ، لە ئینسان بوون نامۆن، تەنیا ڕواڵەتیان پێ براوە، بێ گومان بۆ شازادەیەکی دلۆڤان و میانەڕۆ مەیسەر بوو کە بتوانێ توندوتیژیی سرشتی و کردەوەیان خاوکاتەوە، بەڵام وێدەچێ لە کاتێکەوە کە محەمەدعەلی میرزا، کوڕی گەورەی شا، حوکم بەسەریاندا دەکا، توندوتیژییان زیاتر بووە، ئەم شازادەیە بەهۆی توندوتیژیی سرشتی و نەبوونی زانیاری، ڕاشکاوانە ڕقی خۆی سەبارەت بە هەر شتێ دەردەبڕێ، نیشانی ئەورووپی پێوە بێ، وا بیردەکەمەوە هەبوونی ئەم جیاوازییە بەربڵاوە لە نێوان دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ناوچەکانی تری ئێران، بۆ سەر نەشیاوبوونی زەوییەکانیان دەگەڕێتەوە، هەر ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی ئەوەی لە ڕووی ناچارییەوە، وەک هاوساگەلی کورد و عەرەبی خۆیان، ڕووبکەنە پیشەی چەتەیی و سپاییگەری و بە هاوکاریی ئەوان ڕێ بە کاروانەکان بگرن.

### بەشی ١٧: (کتێبی یەکەم)

نەستوورییەکان پاشماوەی ئەو مەسیحییانەن کە لە سەردەمی زوودا، لە بەشێکی عەرەبستان و دووچۆماندا نیشتەجێ بووبوون، بە زمانی کلدانی قسە دەکەن، دابونەریتی ئاینییان، لەگەڵ دابونەریتی ئایینیی ئەرمەنییەکان زۆر جیاوازە، بەپێچەوانەوە، وێکچوونی زۆری لەگەڵ دابونەریتی ئایینی کاتوولیکەکان هەیە، هەرچەندە نەستوورییەکان لە سەرانسەری ئێراندا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام زۆرینەیان هێشتا لە وڵاتی سەرەکی خۆیان؛ واتە کوردستان(٣) نیشتەجێن کە لە سێ بەش، دوو بەشی دەکەوێتە دووچۆمانەوە، یان ئێراقی عەرەب.

نەستوورییەکان بەپێچەوانەی ئەرمەنییەکان، هیچ جۆرە

بەهرەیەکیان بۆ بازرگانی نییە، لە بەرانبەردا هۆگریەتی زۆریان بە تەکنیکی شەڕ هەیە، کارامەترین عەسکەری پیادە کە کورد بۆ پارێزگاری لە چیاکانی خۆی، لەژێر دەستیدایە، نەستوورییەکانن، ئەوان خەڵکانێکی بوێر و میواننەواز و زۆر دلۆڤانن، ڕێزێکی زۆر بۆ مەسیحییە بیانییەکان دادەنێن.

نەستوورییەکان زۆر دڵساف و گوێڕایەڵن، ئەوان لە تێگەیشتنی ئەم ڕاستییە عاجزن کە بە بزاڤێک دەتوانن بۆ هەمیشە خۆیان لە کەڵەوەی کۆیلەتی دزێوی ئەم ڕێگرانە(کوردان)، ڕزگار بکەن، لێرەدا بۆ نموونە بارودۆخی نەستوورییەکانی نیشتەجێ لە ئەیالەتی هەکاری(٤) شرۆڤە دەکەم، بەگی ئەم ئەیالەتە کە لەلایەن نەستوورییەکانەوە بە دەستەڵات گەیشتووە، نە تەنیا مل بە ئێران و تورکیا نادا، بەڵکو دانیشتووانی ئەیالەتە کوردنشینەکانی دەوروبەریش کە یەکجار بەهێز و ترسێنەرن، تەواو لێی ترساون، ئەم بەگە ناوی مستەفایە و خاوەن چل هەزار پیاوی نەستووریی چەکدارە کە زۆرینەیان عەسکەری پیادەن و پێیان دەڵێن تفەنگچی، ئەگەر بێتو ئەم عەسکەرانە بیانەوێ لەژێر کەڵەوەی مستەفا بەگ، خۆیان ڕزگار بکەن، ئەو تەنیا چوار-پێنج هەزار کوردی بێ بایەخی، لە دەستدا هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵیان، عەسکەری کوردی ژێر فەرمانی ئەو، بە شێوەیەکی یەکجار گەمژانە و جاڕزکەر بە خۆیان دەنازن، هەر یەک لەوانە بە خۆیان دەڵێن ئاغا و بەشێوەیەکی بێزارکەر بەسەر نەستوورییە بەدبەختەکاندا زوڵم و ستەم ڕەوا دەبینن، ئەوانە هەرچی نەستوورییەکان هەیانە بەزۆری لێیان دەستێنن و ئەگەر لە ئاکامی هەڵکەوتێکی نەخوازراوی چاوەڕوان نەکراو، نەستوورییەکان نەتوانن ئەوەی لێیان داوا دەکرێ، جێبەجێی بکەن، دەیانخەنە ژێر گوشارەوە، تەنانەت بۆ فرۆشتنیش دایاندەنێن.

بەو حاڵەشەوە نەستوورییە بێنەواکان لە ڕێی ئەم ستەمکارانەدا کە بە ئاسانی دەتوانن لەناویان بەرن، بوێرانە شەڕ دەکەن، لە ساڵی ١٨١٠ی زایینی، جێنشینی ئێران کە لە دەست مەستەفا بەگ نارازیی بوو، بیست هەزار سەربازی بۆ سەرکوت کردنی نارد، مستەفابەگ هاوڕێی دوازدە هەزار کەس لەم مەسیحییانە، لەگەڵ دوو هەزار کورد، چوو بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، ئەگەرچی مستەفابەگ تۆپخانەی نەبوو، بەڵام لە شارۆچکەیەکی سەرسنوور وەها سەرسەختانە خۆڕاگریی کرد کە ئێرانییەکان بێ ئەوەی بتوانن پێ بنێنە قەڵەمڕەوەکەی، بە ناچاری پاشەکشەیان کرد.

لە مانەوەیەکی سێ ڕۆژەمدا لە کۆشکی جالامرک(٥) [جۆلە مێرگ] (Djalammerek)؛ ناوەندی نیشتەجێیی مستەفا بەگ، ئەم پیاوە بوێرانە هەموو ڕۆژێ سەردانیان دەکردم و شتیان وەک مریشک و سپیایی و میوە بۆ دێنام، ئەم سەردانانە بوونە هۆی ئەوەی کە لە نزیکەوە بیانناسم و بۆم سەلمێنرا کە سەرۆکێکی شیاو و کارزان دەتوانێ لە دەست هەڵسوکەوتی دزێو و ئازاری کوردان، ڕزگاریان بکا.

کەیخوداکانیان بەڕاشکاوی دەیانگوت: ئەگەر بێتو شازادەی جێنشین، زەمینیان بخاتە بەر دەست و برێکیشیان پارە بداتێ بۆ قەرەبووی خەسارەتی جێهێشتنی چیاکان، ئەوان بۆ ڕاپەڕینێکی بەکۆمەڵ دژی ئەم گرووپە بچووکە ڕێگرە، چرکەیەک ڕاناوەستن، بەڕێوەبردنی ئەم کارە بۆیان زۆر هاسانە؛ لەبەر ئەوەی هەموویان چەکدار و خاوەن تەقەمەنی بەرچاون، ئەم مەسەلەیەم لە گەڕانەوەدا لەگەڵ جێنشین هێنایە بەرباس، بەڵام بە وەڵامەکانیدا وا تێگەیشتم کە ئەو مەحتەلی دەرفەتێکی شیاوترە کە لەم بارودۆخە باشە، بە چاکترین شێوە کەڵک وەرگرێ، بەڵام دەست قووچاوبوونی لە ڕادەبەدەری باوکی (فەتحعەلی شا)، لەمپەری بنچینەیی ئەم هەنگاوەیە.

ڕێبەرانی ئایینی نەستووری، جلوبەرگێکی تایبەتیان نییە کە بە سۆنگەی ئەوەوە بناسرێنەوە، زۆر جار هەڵکەوتووە کە قەشەکان لە ڕێگادا بە مەبەستی سەردانی موریدەکانیان لە هاتوچۆدا بوون و خەڵک پێیان وابووە عەسکەری کوردن؛ چونکە جلوبەرگی کوردیی لەبەر دەکەن و وەک تاکەکانی کورد چەکیان پێیە و سواری ئەسپ دەبن، مەبەستیان لە پۆشینی جلوبەرگی ئاسایی ئەوەیە کە سەرنجی دوژمنانی زاڵم بەرەو خۆیان ڕانەکێشن، ئەگەر ناسرانەوەش، بتوانن لە کاتی پێویست لە بەرانبەر پەلاماریان، بەرگری لە خۆیان بکەن،

موریدەکان ڕێزێکی لە ڕادە بەدەریان بۆ دادەنێن، وەختێ قەشەیەک بۆ ناو گوندێک دەچێ، پیاو و ژن و منداڵ، بۆ ماچ کردنی دەست و عەباکەی، شانەچیرییانە، ئەو کەسەی وا قەشە میوانی دەبێ، شانازییەکی گەورەی بە نەسیب بووە کە لە میوانداری پاشا سەرترە، زۆربەی قەشەکان لە دلۆڤانیی سەرۆکەکانی کورد بێبەش نین؛ لەبەر ئەوەی دەتوانن بەهۆی ئەوانەوە، بەردەوام خەڵک لە ژێر فەرمانی خۆیان ڕابگرن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بە ئاسانی تێبگەی کە دلۆڤانی ئەوان کەڵکی وای نییە؛ چونکە هاوکات دەگەڵ ئەوەی لە لایەکەوە پشتیوان پەیدا بکەن، دەسبەجێ خەڵک بەرەو شۆڕش هان دەدەن.

"پاتریارک"ی نەستووریان کە پێی دەڵێن خەلیفە، دزەیەکی بەرچاوی مانەوی لەنێو موریداندا هەیە؛ بۆ وێنە هەر کات بیەوێ، دەتوانێ بەتێکڕایی چەکداریان بکا و بۆ هەر کوێ بیەوێ بیانێرێ، نەستوورییەکان دوای خودا، زیاتر لە هەر کەسێکی تر، ڕێز بۆ خەلیفە دادەنێن، لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەوان هەرگیز لە بواری ئایینیدا تووشی هەڵە نابن، لەم ڕووەوە هەمیشە سەرکردەکانی کورد چاوەدێریی خەلیفە دەکەن و دیاریگەلێکی بەرچاوی بۆ دەنێرن، بەو حاڵەشەوە ئەو لە دڵەوە زۆر ڕقی لە کوردەکانە، من ڕاسپێردرابووم کە لە هزر و بیری خەلیفە تێ بگەم، سەرەڕای خۆڕاگرییەکەی، بە قسەکانیدا وا دەردەکەوت کە لە ملدان بە هەڵەشەی(*) ئەم بەدکارانە، هەست بە سەرشۆڕی دەکا.

**بەشی ٢٥: (لە کتێبی دووەم)**

گەلێ جار کاری چاوەدێری(سەرمباشرت) بەسەر خێڵاتدا کە ژمارەیان لە ئێراندا زۆرە، لە ئەستۆی "بەیگلەربەیگی"یە(حکام).(٦) خێڵات بەپێی ژمارەی مێگەلەکانیان، باج دەدەن، کوردەکان لە کوێستان دەژین و چون هەوای کوێستان لە زستاندا زۆر سارد دەبێ؛ ئەگەر بێتو لەو وەرزەدا لەوێ بمێننەوە مەڕ و ماڵاتەکەیان لەناو دەچێ، لەم ناوچانە هەمیشە لەوەڕگە و ئاو بوونی هەیە(٧)

خێڵاتی هەکاری کە گرێدراو و لە ژێر چاوەدێریی جێنشین دان، هەموو ساڵێ لەگەڵ مێگەلە زۆرەکانیان، کۆچ دەکەن و کەڵک لە لەوەڕگەگەلی باش وەردەگرن کە لە دەشت و دۆڵی ئێران بوونیان هەیە، هەڵسووڕاندنی کاروباریان لە ئەستۆی بەگە کە لە زەمانی شەڕدا ژمارەیەک سپایی پیادە و سوار بۆ جێنشین دەنێرن، ئەم چەکدارانە، هاوکات دەگەڵ ئەوەی هاتنە خاکی ئێرانەوە، چاوەدێری دەکرێن.(٨)

لە ساڵی ١٨١٣ی زایینی، بەیگلەربەیگی ورمێ ئەم خێڵاتەی ناچار بە دانی بڕێ پارە وەک باج کرد، ئەوانیش دەسبەجێ لەگەڵ یەکتر پەیمانی یەکێتییان بەست و بە پەلاماردان بە ناوەندی حوکمڕانییەکەی، دەستیان کرد بە تاڵان و زەرەری زۆریان پێ گەیاند، شازادە پاش ئاگاداربوون لە هۆکاری کردەوەی تۆڵەستێنی کوردان، بەیگلەربەیگی ناوبراوی لە چاودێری (مباشرت) ئەم خێڵە وەلانا و بەجێی ئەو، "عەسکەرخانی ئەفشار"ی بەم پێگەیە، دەستنیشان کرد، عەسکەرخان ئاخرین باڵوێزی ئێران لە کۆشکی شای فەرەنسادا بوو؛ لە پێش ئەم مەئمووریەتە، جارێ تر چاودێری ئەم خێڵەی لە ئەستۆ بووە، عەسکەرخان، داهاتەکانی شازادە بەو پەڕی لێ وردبوونەوە، وەردەگرێ و شازادە دە یەکی (عشر) ئەم داهاتەی پێ دەدا، شازادە لە کاتی پێویست، بەشی دیاریکراوی سپای هەر ناوچەیەک بۆ خزمەت بانگ دەکا و لە تەواوی ماوەی شەڕدا، خۆی فەرماندەییان لە ئەستۆ دەگرێ.

بەیگلەربەیگییەکان جۆرێک گومرگیان بۆ جادەکان دابین کردووە و لەم ڕێیەشەوە داهات وەدەست دێنن، بەڵام شێوەی وەرگرتنەکەی بە ڕادەیەک خراپ ڕێکخراوە کە ئەو کەسانەی بە کرێی دەگرن، هیچ وەخت زیاتر لە ساڵێک لە سەری نامێننەوە؛ چونکە ئەو بڕە پارەیەی بە دەستی دێنن، بە زەحمەت پێداویستییەکانیان بەجێ دێنێ، جا لەبەر ئەوەی ناتوانن بەڵێنەکانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، زۆرینەیان لە ژێر تێلای بەیگلەربەیگییەکاندا دەمرن.

حەمامە گشتییەکانیش پێویستە هێندێک پارە بدەن، حەمامەکان چون زیاتر هی خەڵکی ناوچەن، بەیگلەربەیگییەکان چەند کەس لە نۆکەرانی خۆیان لەوێ دادەنێن کە بڕێک پارە لە هەر مشتەرییەک، بەشێوەی پاداشت (انعام) وەردەگرن، دانی پارە بۆ حەمام، بەهۆی گرانی کە ڕێژەکەی گەلێ جار لە خەرجییەکانی حەمام

کردن زیاتره، بۆ خەڵکی ئاسایی دژواره، هۆی گرانی حەمام، کەمبوونی دار لە زۆربەی ناوچەکانی ئێرانە.

بەر لە ئێستا، بەیگلەربەیگییەکان لە کاروباری لەشکریشدا دزەیان دەکرد و هەرچی پێیان خۆش بایە، بە ویستی خۆیان ئەنجامیان دەدا بێ ئەوەی کە شا لێپرسینەوەیان لەبارەوە بکا، بەڵام ئەمڕۆ بە پێکهێنانی هێزگەلی تەکووز (قوای منظم) کە ئەندامانی گیانفیدای جێنشینن، زەبرێکی کوشندە لە هێز و دزەیان(*) دراوە و ئیتر ناتوانن درێژە بە باج وەرگرتن بدەن؛ چونکە لەشکر لە بەرابەر زوڵم و دەستدرێژیی حاکمانی لە خۆ ڕازیی، پشتیوانی لە باجدەران دەکا و بە پێچەوانەی ڕابوردوو، لەمەڕ سکاڵای سەلمێنراو، بەدواداچوونی هەیە، لەم ڕووەوە دەتوانین ئاوا ئاکامبەندی بکەین؛ لەشکری تەکووز کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەبێتە هۆی ترس و نیگەرانی خەڵک، لە وڵاتانی گەشەنەکردوو، ڕەنگە تەنیا ئامرازی بەدیهێنانی سەقامی(*) گشتیی بێ.

**بەشی ٣٨: لەمەڕ کوردان (لە کتێبی دووەم)**

ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین زۆربەی کوردەکان باجدەری دەوڵەتی ئێرانن؛ بە بڕوای من، بەهۆی ئەوەی حەزیان بەرەو لای ئێرانە؛ ڕۆژێک سەرەنجام، وەک تورکەمەنەکان، دێنە ژێر ڕکێفی ئێرانەوە، لەم ڕووەوە بە پێویستم زانی لەمەڕ خەسڵەت، دابونەریت، شێوە ژیانی کوردان کە لەگەڵ ئێرانییەکان لە بنەڕەتەوە جیاوازە و لەگەڵ تورکەکانیش جیاوازی زۆرە، هێندێک بدوێم.

دیار نییە ڕیشەی ڕەگەزی کورد بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؛ دەڵێن لە نەتەوەی "سیت"ەکانن، بەڵام چون ناکرێ هیچ بەڵگەیەک بخرێتەڕوو، ڕەگەزی ڕاستەقینەیان نەزانراوە؛ هەروەک ڕەگەزی ئێرانییەکانی کەونارا کە تا کاتی دەسەڵاتی کوورش نادیار بوو، بەڵام پاشان ڕەگەزیان تاڕادەیەک ناسرا.

ئەوە شتێکی سەلمێنراوە کە کورد هەمیشە نیشتەجێی ئەو مەڵبەندە جوانەی وا لە ڕابوردوودا دووچۆمانیان پێ دەگوت نەبووە؛ هەروەها نیشتەجێی کێوگەلی تووڕۆسیش نەبووە کە دۆڵەکانی پڕپیتی، ئێستا پێکهێنەری سەروەت و سامانیانە، ئەو ماوەیەی وا لە نێو کوردانا بووم، توانیم هەڵیانسەنگێنم و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیان ئاشنا بم، بەسەرنجدان لە ڕەوشت و دابونەریت و زمان و جلوبەرگیان، بە بڕوای من کوردەکان ڕەگەزی عەرەبیان هەیە،(٩) ئێستاش ئەوەندە وێکچوون و پێوەندیی لەناو ئەوان و عەرەبەکانی سارانشیندا هەیە کە منی خستە کەڵکەڵەوە، ڕەنگە لە تایەفەگەلی هێندێ تیرەی عەرەبی سارانشین بن کە لە کاتی شەڕەکانی ئایینی و دوای سەرکەوتنی عەرەب بەسەر ئێراندا، بە فوڕاتدا تێپەڕین و لە ئێراقی عەرەبدا جێگیر بوون، پاشان بەرەو باکوور لە درێژەی کێوی زاگرۆس تا ڕووباری موراب کە جیاکەرەوەی ئەوان لە ئەرمەنستانی تورکیایە، پێشڕەوییان کردووە و جێگیر بوون.

کورد بۆ چەندان هۆز دابەش دەبێ کە بەسەر هەر کام لەم هۆزانە، بەگێکی بەدەسەڵات حوکم دەکا، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە حاڵەتی شەڕدان، زۆرینە خۆیان خستۆتە ژێر پارێزگاریی ئێرانەوە، ئێرانییەکانیش پشتیوانییان لێ دەکەن و ئەوانیان کردۆتەوە باجدەری خۆیان، کوردەکان باڵابەرز و بەخۆوەن، ئەگەرچی ڕەنگی دەموچاویان مسییە، ڕواڵەتێکی زۆر جوانیان هەیە، بەهۆی ئاستی نزمی زانیاریی، سرشتێکی شەڕانییان هەیە کە شوێنەوارەکەی، گەلێ جار مەترسیدارە، کورد لە تورکیش درۆزنترە، کەچی بەجێی ئەوەی ئەم کەمایەسییە مەحکووم بکەن، پێیان جۆرێک هونەر و نیشانی بیرمەندیی بەهێزە، کوردەکان بێ ئەوەی خەسڵەتی باشیان هەبێ لە هەموو ڕۆژهەڵاتییەکان، بێ بەزەییترن و هەڵگری هەموو ڕەوشتە ناپەسەندەکانن، ستەمکار و خوێنخوار و دووڕوون، دزێکی بێترسن کە تەنیا لە ڕێگەی چەتەییەوە لە وڵاتانی دراوسێ، بەڕێ دەچن.(١٠) تەنیا خەسڵەتی ئەوان، بوێری لە ڕادەبەدەرە کە ئەم بوێرییەش نە عەقڵانییە، نە جێی شانازیی پێکردن، بەڵکو وەک ئاژەڵێکی نەترسی دڕندە وایە کە تەنیا نێچیرەکەی مەبەستە و لەو مەترسییانەی کە ڕەنگە لە ئاکامی ڕاونانی نێچیرەکە بەرەنگاری بێتەوە، بیر ناکاتەوە، بەو حاڵەشەوە لە ناوچەی تایبەتی خۆیان تاڕادەیەک لە خەسڵەتی میواننەوازی بەهرەمەندن(١١)، هەر ئەو خەڵکە کە ڕەنگە لە سنوورەکانی خۆیان، تاڵانکەری موسافیر بن، ئامادەن لە ناوچەکانی ئێران بەشێوەی پارێزەر، موسافیر هاوڕێیی بکەن، ڕەنگە ئەم کارەش لە

ترسی سزادان بکەن، کوردەکان لە گرووپگەلی دە - بیست کەسیدا، بۆ کاتی شەڕ، لە دەور یەکتر کۆوە دەبن و هێندێ جار دێهات و شارەکان، تا نزیک ئاناتوولی دەخەنە بەر پەلامار و غارەت، بۆ کردەی(عملیات) گرینگتر، چەندان گرووپ دەست بە یەکی دەکەن و ئەوەی بە تاڵان وەدەستیان هێناوە، بەشێوەی دادپەروەرانە لەناو خۆیاندا، دابەشی دەکەن. بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کە لەم کردەوانەدا، دەست بەتاڵ بگەڕێنەوە.

هۆزگەلی هەکاری و بلبان(١٢) و مهروان؟ و بیلان(١٣)، یان کوردەکانی دەشتایی کە ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی جێنشیندان، بەهۆی سرشتی شوانی و پارێزگاری لە مێگەل، بەقەد هۆزەکانی تر، سەرقاڵی چەتەیی نین، بەڵام بەو حاڵەشەوە مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیان، لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێیان، کەمتر لە هۆزەکانی دیکە نییە.

کوردەکان وەک ئێرانییەکان لە بواری سامانەوە، بۆ دوو چین دابەش دەبن، دارایی کوردەکان، تەنیا لە مێگەل و خاوەندارێتی(*) گوندەکان، پوخت دەبێتەوە، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم گوندانە نەستوورین، پلەی ئیعتیبار و ڕێزی کوردێک، پێوەندیی هەیە بە ژمارەی ئەو تاکانەی وا بەباشی ئاگادارییان لێ بکا، سەرۆک زۆربەی کات تاکەکانی خۆی بۆ تاڵان کردن دەنێرێ، ئەوانیش تاڵانی(غنایم) دەسکەوت، بەبێ کەموکورتی ڕادەستی سەرۆک دەکەن و پشکی بەڵێندراوی خۆیان وەردەگرن.

شوێنی نیشتەجێی گەورەکانی کورد، یەکجار خراپ و ناخۆشە، لە تەواوی کوردستان، جگە لە قەسرگەلی قایمی بەگەکان، شوێنێکی مامناوەندیش پەیدا نابێ، خانووی دەوڵەمەندترین کەس، لە حاند خانووی گوندنشینانی ئێران، کەم بایەخترە، خانووەکان بچووک و خاوەن میچێکی نەوین کە پەنجەرەیان نییە، لە کونێکی خڕەوە کە لە سەربان کراوە، کەلک لە تیشک وەردەگرن، شەوانە ئەم کونانە بە بەردی تەخت دادەپۆشن.

کوردەکان بە گشتی سوننە و پەیڕەوی ئایینی عومەرن.(١٤) باوەڕیان زۆر بە پڕوپووچە، ڕۆژانە چوار - پێنج جار نوێژ دەکەن و بێجگە لەوە کارێکی سەرەنجڕاکێشیان نییە، لەم بوارەدا لەگەڵ تورکان هاوبەشن، هەر دووکیان، ڕۆژانێکی زۆر، لە بەیانییەوە تا شەوێ بێکار دادەنیشن، زۆر بە قسەن و تینووی چیرۆک و حەکایەتن، لەم ڕووەوە هەمیشە چەند دەروێشی نەناس لە لای خۆیان ڕادەگرن، ئەم دەروێشانەش لە ڕێگای گێڕانەوەی حەکایەتی جۆراوجۆر، بژێوی خۆیان دابین دەکەن.

کوردەکان خەڵکێکی قانع و کەم خۆراکن، خۆراکیان تەنیا برنجە کە بەشێوەی هاڕدراو لەگەڵ هەویر و گیای بۆنخۆش لەناو ئاودا دەیکوڵێنن، هەروەها گۆشتی مەڕ و بزنی ئاوپەز بە بێ بەهارات و هێندێ جار تەنانەت بەبێ خوێ دەخۆن، نانی کوردان، لە نانی ئێرانییەکانیش ناسکترە و بەدەگمەن لەسەر ئاگر سازی دەکەن، بەجێی ئاگر، لەبەر تاو ویشکی دەکەنەوە، کورد زۆر حەزی لە گۆشتی وشترە و ئەگەر لە کاتی تاڵان دەستیان کەوێ، جحێڵترەکەیان سەر دەبڕن و هەموو دراوسێکان بانگهێشت دەکەن، کورد هەرگیز لێو لە شەراب نادا و کەسێک بیخواتەوە، سزادانێکی قورسی تووش دێ، وەها تاوانبارێک سەراونخوون بە دارێکەوەی هەڵدەواسن و زۆرجار دوازدە سەعات بەم حاڵەتە دەیهێڵنەوە، ئەگەر بۆ جاری دووەم تووش بێ، جگە لە هەڵواسین، دارکاریشی دەکەن.

پێشتر ئاماژەم پێداوە کە لە کاتی شەڕدا، کوردەکان ناچارن ژمارەیەک سپایی بۆ جێنشین ئامادە بکەن، بەڵام لەناو ئەو هۆزانەی کە لە ژێر فەرمانی ئەو دان، ڕاستییەکەی تەنیا هۆزی "بیلان"ـە کە بەکار دێ و یەکەیەک لەوان، لەگەڵ کۆی تەواوی یەکەکانی تر بەرابەری دەکا، ئەم هۆزە نیشتەجێی دەشتگەلێکی بەربڵاون کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەبەسترێتەوە بە لکێکی بچووکی زاگرۆس، ئەم لکە لە باکوورەوە بەرەو باشوور کێشراوە و دەشتەکان لە ناوچەگەلی سەڵماس و ورمێ، جیا دەکاتەوە، خاکی ئەم دوو ناوچەیە، هاوتەریب و هاوئەندازەی دەشتەکانە، هۆزی بیلان، پێشتر بەشێک لە هۆزی هەکاری بووە، بەڵام بەگی هۆزی هەکاری کە نیشتەجێی کوێستانە، لەوە پێش چەند جار بۆتە هۆی ناڕەزامەندیی دانیشتووانی دەشتایی، هۆزی بیلان، زۆر لەوە پێش لە لایەن کەسێک بە ناوی "سمایل بەگ"ەوە کە قەڵاکەی لەسەر دوندی ئەم بەشەی [ناوبراوی] زاگرۆسە و بەسەر دەشتدا زاڵە، وەدەرنرابوون، لە وەها

هەلومەرجێکدا، سەرەنجام تاکەکانی هۆز، دژی بەگی هەکاری سەرکێشیان کرد و سمایلیان لەژێر ناوی سەرۆک بۆ خۆیان هەڵبژارد؛ بەو شەرتە کە بە هەر جۆرێک بووە، بەردەوام سەربەخۆییان بپارێزێ، سمایل کە بەو فێڵە بە ئامانجی گەییبوو، بە پەلە و ئاشکرا خۆی خستە ژێربالی جێنشینەوە، لە ئاکامدا جێنشین، پێگەی بەگی هۆزی تازەی "بیلان"ی (بیلان، ناوی قەڵای قایمی سمایلە) پێبەخشی؛ بەو مەرجە کە خۆی بە پێڕەوی ئێران بزانێ و بە بڕیاری شا و شەخسی ئەو (وەلیعەهد – جێنشین) مل بدا.(١٥) گشت ئەو مەرج و بڕیارانە کە بێ زەرەر بوون و بەسوودیان دەشکایەوە، قبووڵ کران؛ بەجۆرێ کە لە ماوەی چەند ساڵدا ئەم عێلەی کە خاوەن دلێرترین تاکە، باشترین و دەوڵەمەندترین هۆزی وڵاتی لێ دەرهات، لە جەنگەی شەڕدا ئەم عێلە، پازدە هەزار سوار لەگەڵ کەلوپەل و چەکی پێویست ئامادە دەکا و کاتێ لە سنووری خۆیان تێپەڕن، مووچە لە شا وەردەگرن، شا بۆ خاترجەم بوون لە ئەنجامی خزمەتگوزاریان، مووچەی زۆر باشیان پێ دەدا.

ئەسپەکانیان لە ڕەگەزێکی تایبەتن کە هێز و خێراییەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە، بەهۆی ئەوەی هەر تاکێ بەشەخسی دەبێ پارێزگاری لە ئەسپی خۆی بکا، زۆرینەیان خاوەن ماییێن کە لەگەڵ ئەسپی عەرەبی، یان تورکەمەنی لێکیان چاک دەکەن؛ بەم پێیە جوانووگەلی جوان و چنگە(*) دەست دەخەن، نرخی ئەم جوانوویانە زۆر نین، بەشێوەیەک کە بە پەنجا قڕان (سەد و پەنجا فرانک) دەتوانی باشترین جوانوو بکڕی.

شێوازی شەڕکردنی کورد، وەک هێزە ناتەکووزەکانی ئێران وایە؛ کەچی وێڕای ئەم حاڵەش تۆزێ تەکووزییان هەیە و دەتوانن خۆیان لە دوو ڕیزدا، ئامادەی شەڕ بکەن (هەرچەندە ئەم کارە بەشێوەی ناتەواو ئەنجام دەدەن)، سەرۆکەکانی هۆز و تیرە کە لە بنەڕەتدا دەبێ لە تاکەکانی هۆز بوێرتر بن، هەمیشە چەند هەنگاوێک لە پێشترەوە دەڕۆن و یەکەم کەسانێکن کە بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە.

لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمن کە دەبێ پەلامار بدەن؛ تاکەکان چەکی خۆیان دەپشکنن، ورد دەبنەوە کە شتێک بەر دەست و لاقیان نەگرێ، ئەم کارە وا بە پشوودرێژی ئەنجام دەدەن کە دەڵێی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ کۆڕی بەزم و شایی، ئەم جار مەلای هەر تیرەیەک، لە حاڵێکدا کە بە دەستی ڕاست تەورێک هەڵدەسووڕێنێ لە حەوادا و بە دەستی چەپ لە تەپڵی هەڵواسراوی قەراغ زینەکەی دەدا، لە پێش تاکەکانەوە هێرش دەبا و بەردەوام لەم هەڵمەتەدا، وشەی ئەڵڵا لەسەر زارێتی، بەو نیشانەیە، هەموو ڕیزەکان وە جموجۆڵ دەکەون، مەلا کە پێشەنگە، زۆرجار یەکەمین زەبر لە دوژمن دەدا، هەر سوارێک نێزەیەک لە شێوەی قزلباشەکان، خەنجەرێک، جووتێ دەمانچە و دوو شمشێری پێیە، یەکێک لە شمشێرەکان بە (قەبرغەیەوە) لاتەنیشتییەوە هەڵواسراوە و ئەوی دیکەش بەشێوەی هەسوویی بە تەنیشت زینەکەیەوە، شمشێری دووەم لە کاتێکدا بە کار دەهێنرێ، کە شمشێری یەکەم بشکێ؛ چونکە هەندێک جار بە شمشێر لە کڵاوخود و جەوشەن و زرێی دوژمن دەدەن، زۆرجار پێش دێ کە شمشێر بشکێ.

کورد بایەخێکی زۆر بۆ ئازاترین تاکی خۆی دادەنێ، بەجۆرێک کە خاوەن هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، دەتوانێ لەگەڵ گەورە پیاوان دانیشێ، پیاوە مەزنەکان لە دژەی ئەوان لە نێو لایەنگرانی خۆیان دەترسن، بەم هۆیەوە زۆریان ئاگاداری دەکەن، سەرەڕای ئەوەش تازیاریی دیکەش وەدەست دێنن کە لە هەموو گرینگتر چەقاندنی پەڕی تاوس لەسەر مێزەرەکەیانە کە لە بەرانبەر هەر دوژمنێ لەناو بەرن پەڕێک دەدەن لە مێزەرەکەیان، بەشێوەیەک کە زۆر یەک لەوانە هەموو سەریان بە پەڕ داپۆشراوە، من بۆخۆم ڕۆژێک لەسەر مێزەری لاوێک کە هێشتا تەمەنی نەگەیبووە بیست و پێنج ساڵ، نۆ پەڕم بژارد.(١٦) کوردەکان سەبارەت بە ئەم نیشانەی شانازییە، یەکجار زۆر دەمارگیرن و کاتێک لە نێو خۆیاندا دەبێتە شەڕیان بەتوێکڵترین جنێوێک کە دەکرێ بە ناحەزی(*) بدەن، ئەوەیە کە پێی بڵێن مێزەرەکەی تاو بردوویە و هێشتا بەتەواویی بوێری پەیدا نەکردووە کە سێبەرێکی بۆ ساز بکات، پۆشاکی کورد لە بەرگی غوڵامان(مملوک ها) دەچێ؛ لە باری دلێری و چالاکی، بەتایبەت کارامەیی، وێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ ئەوان هەیە.

کوردەکان وەک موسڵمانانی تر، چەند ژن ناهێنن؛

ئەگەرچی ئاییینەکەیان ئیزنی چوار ژنی پێداون، بەڵام بەدەگمەن کەسانێک دەبینرێ کە زیاتر لە یەک ژنیان هەبێ، ژنانی کورد لەم بارەیەوە زۆر بەختەوەرترن لە ژنانی ئێران؛ لەبەر ئەوەی لەناو ماڵی ئێرانییەکاندا، ژنان کەم وا هەیە رۆژێک بەهۆی ئیرەیی بردن و خوسپ، تووشی شەڕ و دەمە قڕە نەیەن.

جلوبەرگی ژنانی کورد جوانتر و رواڵەت هەڵخڵەتێنترە لە جلوبەرگی ژنانی ئێرانی، سەرەڕای جلوبەرگی درێژی تورکی کە زۆر جوانە، کولۆنجەیەکی کورتیش لەبەر دەکەن کە بەشێکی دادەپۆشێ، لەسەر کولۆنجەوە پشتێنێکی گرانبایی دەبەستن کە تەواو شێوەی ئەندامیان دەنوێنێ و زۆر شایانە، ژنانی کورد وەک پیاوان، مێزەر لەسەر و پاتۆڵ لە پێ دەکەن، بەڵام ئەم کەلوپەلەی ئەوان، لە مێزەر و پاتۆڵی پیاوان سووکتر و دڵڕفێنترە، ژنانی کورد وەک ژنانی ئێرانی، هۆگریی زۆریان بە جەواهێرات هەیە و گەورەترین خۆشییان ئەوەیە کە خۆیان بە جەواهێرات برازێننەوە و خۆ بۆ خزمەکەس بنوێنن، ژنانی کورد زانیارییان زۆر کەمە، وەک ژنانی ئێرانی جگە لە نێرگەلە کێشان، کارێکی تریان نییە، هەروەها زۆربەی کاتی رۆژانەیان بە سەیرانکردن تێدەپەڕێ، بەو حاڵەش لەناو ئەواندا ژنانێک هەن کە کاری زێرچنی (زردوزی) دەکەن؛ بەم هونەرەیان جلیسقە و کەوای بێقۆڵی مێردەکانیان، بەشێوەیەکی زۆر جوان دەرازێننەوە، لە جەژنەکاندا، جلیسقە و کەوای پیاوان دەبێ یەکجار شاهانە بێ، خاسمانی لەو پەڕی وردەکاری زێرچنی کرابێ، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم جۆرە کارانە، ئیشی ناسککارییان، هەرگیز ناگاتە پێی کاری ژنانی زێرچنی قوستەنتەنییە [استانبول]. بە بڕوای من لەم بوارەدا، ژنانی قوستەنتەنییە لە دنیادا باڵادەستیان نییە، ئەگەرچی ژنانی کوردی چینی هەژار، بە رادەی ژنانی ئێرانی دەموچاویان داناپۆشن، بەڵام هەرگیز بێ چارشێوی سپی کە گشت ئەندامیان دادەپۆشێ، لە ماڵ وەدەر ناکەون، ژنانی کورد بۆ داپۆشینی دەموچاویان وەک ژنانی ئێران، پەچە نابەستن، بەڵکو کەڵک لە دەمامک وەردەگرن.(١٧) ئەم دەمامکانە، وێنەیان لە گوڵەبەرۆژە دەچێ کە ئەو بەساڵاچووانەی سۆی چاویان کزە و تیشکی تاو نارەحەتیان دەکا، بەکاری دەهێنن؛ بەم جیاوازییەوە کە ئەندازەیان گەورەتر و جنسیان مقەواییە کە رەش کراوە، بەسەر ئەم دەمامکەدا قوماشێکی موویی کێشراوە کە پێیدا دەتوانن هەموو شتێکی دەرەوە بەجوانی ببینن، بێ ئەوەی کە دەموچاویان بناسرێتەوە، ژنانی کورد لە ژنانی ئێرانی ئازادترن و زۆرجار لە بەیانییەوە تا شەوێ لە دەرەوەی ماڵێن، بێ ئەوەی کە مێردەکانیان لەم بارەیەوە دڵپیسییان لێ بکەن.

ژنانی کورد(١٨) وەک ژنانی تورک، زۆر مەشرەب خۆشن و بەچەشنی ئەوان زۆربنەیان ماشقەیان هەیە کە لەگەڵیاندا لە پێوەندیدان و هەموو رۆژێ بەنهێنی چاویان بە یەکتر دەکەوێ، شێوەی پێوەندی گرتنیان یەکجار وشیارانەیە، بەڵام گیروگرفتی خۆشی هەیە، شێوازی کار بەم جۆرەیە کە بە ناردنی چەند گوڵی جۆراوجۆر کە پێشتر لە بارەی مانای هەر کامەوە رێککەوتوون، قسە و باسی خۆیان(پیام) دەگۆڕنەوە، گوڵەکان واتای جۆراوجۆریان هەیە و شێوەی ریزکردن و تێکەڵکاریشیان مانای تایبەت بەخۆی هەیە، خوێندنەوەی ئەم پێتانە کە لە خەتی میسری کەونارا دەچێ، هێندێ جار دەبێتە هۆی سەر لێشێواوی؛ ئەویش کاتێک شانس نەهێنی و بەهەڵکەوت تێکەڵکاریی گوڵەکان تێکچێ و رەمزەکەی ئاشکرا بێ، لەوەها حاڵەتێکدا دەبێ دەستبەجێ رەمزەکەی بگۆڕن؛ بۆ وێنە گوڵی سوور ئەگەر ماناکەی لە بەیانیدا، شادی و عیشق بووە، ئێوارێ دەبێ ماناکەی بگۆڕدرێتە سەر نەفرەت، یان تۆڵەسەندنەوە، مێردەکان کە گشت ئەم قۆناغانەیان بڕیوە، بەباشی لە شێوازی ئەم پێوەندییە ئاگادارن؛ لەم رووەوە تا ئەو جێیەی دەتوانن بەرگری لە وەگۆڕینی گوڵ دەکەن، بەڵام بە دەگمەن سەرکەوتن بەدەست دێنن، شێوەی گۆڕینەوەی چەپکە گوڵ، ئەوەندە وشیارانەیە کە مێرد قەت بە رەمزەکەی نازانێ و لە ئاکامدا واز لە پەیجۆری(*) مەسەلەکە دێنێ، کەوابوو ئەم دیدارانە شتێکی تەواو ئاساییە، بەڵام هاوکات مەترسی گەورەشی لەگەڵدایە، ئەو ماشقانەی دەکەونە داوەوە، مەرگێکی دژواریان لە رێدایە، کەچی سەرەڕای مەترسی زۆری ئەم دیدارانە، بەو حاڵەش ژنان وادەی چاوپێککەوتن دەدەن و پیاوانیش بە پەلە خۆیان دەگەیەننە ژوانگە، لە وەها بارودۆخێکدا رازداری بە قازانجی هەر دوو لایە و هەر ئەوەش دەبێتە

هۆی ئەوەی بەدەگمەن غافڵگیر بن.

شوێنی دیدار زیاتر لەو ماڵانەدا بەڕێوەدەچێ کە چەند دەرگەی هەیە، جوویەکان لە جێبەجێ کردنی پێوەندی نهێنی نێوان ژنان، شارەزان و ماڵەکانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە بە کرێ دەدەن، ماشقەکان لە دەرگای پاش و پێشەوە دێنە ژووری، پیاوەکان بە گۆڕینی جلوبەرگ، خۆیان بەشێوەی ژن دەردێنن، لە وڵاتێک کە چارشێو و دەمامک دەتوانێ تاک بە تەواوی داپۆشێ و ببێتە بەرگری ناسینەوەی نێر و مێ، ئەم کارە زۆر ئاسانە، بێتو پیاو، یان ژن نەتوانێ خۆی لە سەعاتی دیاریکراو بە ژوانگە بگەیەنێ، پیاوە جوویەکە، بۆ سبەینێ چەپکەگوڵێک لەبەر پەنجەرە دادەنێ؛ ئەم کارە هەر بۆ ئەم دوو دڵدادەیە مانای هەیە و تەنیا ئەم جووتەن دەزانن کە واتاکەی چییە، هەروەها هۆی سەرنەگرتنی دیدارەکەش پێدەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ و سەعاتی دیداری دوایەش، لە ڕووی ئەم چەپکە گوڵەوە تێدەگەن، وەڵامی ئەم پەیامە هەر بەو شێوەیەی سەرێ دەدرێتەوە؛ لەم ڕووەوە پێوەندی عاشقانە گەلێ جار چەندان ساڵ درێژە پەیدا دەکا بێ ئەوەی کە هەرگیز ڕازەکەیان خۆیا بێت، لە تورکیا وەختێک ژن لە حەرەمسەرا تەنیا بێ، نەک لەلایەن مێرد و خواجەکانەوە، بەڵکو لە لایەن ژنانی ترەوە کە هەموو ڕقەبەر بەحسێب دێن، دەکەوێتە ژێر چاوەدێرییەوە؛ تەنانەت کەنیزەکانیش کە ئیرەیی بە خاتوونەکەیان دەبەن، لە ئاواتی جێنشینی ئەودا بێقەرارن؛ ئەوەی لە دەستیان بێ، دەیکەن تا جێگەکەی بگرنەوە.

سەبارەت بەم جۆرە دیدارانە لە تورکیا، تایبەتمەندگەلی زۆر سەیر هەیە؛ چونکە بەتەواوی ناسراون، جێی دڕدۆنگی ناهێڵنەوە، هێندێ ژن هەیە کە ماوەی دە دوازدە ساڵ لەگەڵ ماشقەی پێوەندیی نهێنی هەبووە، بێ ئەوەی کە مێردەکەی بزانێ لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکا؛ ئەوە لە حاڵێکدایە ژن لە هەستونەستی پیاو ئاگادارە و بە تایبەتمەندییەکانی ئاشنا، ئەم نموونانەی وا ژن، خواستی ماشقە بەجێ دێنێ، دەگمەن نییە، ئەو جوولەکانەی دەڵاڵی گەیاندنی دیارین، خاوەن دیاری ناناسن؛ لەبەر ئەوەی ژن هەرگیز متمانەیان پێ ناکا بیانکاتە مەحرەمی ڕاز، هەڵبەت ژنانێکیش هەن کە دڵاوایی خۆیان دەگەیەننە ڕادەیەک کە تەنانەت دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر تێکچوونی پێوەندی، هەمیسان بە یادی ماشقەن و بەشێوەگەلێک کە وەک ڕابوردوو پێزانینی ئەستەمە، لە دڵئاوالایی خۆیان، بەهرەمەندیان دەکەن.

سەرەڕای ئەو تیرانەی کە پێشتر لە بارەیەوە قسەم کردووە و لە یەک شوێن نیشتەجێن، کورد تیرەگەلی خێڵەکیشی هەیە کە دەتوانین بۆ دوو چین دابەشی بکەین: ئەوانەی وا بەشێک لە ساڵ لە ژێر خێوەتدا تێپەڕ دەکەن؛ ئەوانەی کە تەنیا لە خێوەتدا دەژین، چینی یەکەم؛ تیرەگەلێکن کە زیاتر لە ناوچەیەک جێگیر دەبن کە بڕی(*) ئاڵف بۆ ئاژەڵەکانیان بەش بکا. ئەم بارە(*) لەگەڵ هۆگر بوون بە ژیانی شوانی، ئەوان شێلگیر دەکا ماڵەکانیان بۆ ماوەی حەوت- هەشت مانگ کە بەردەوام لە جێگۆڕکێدان، بەجێ بێڵن و دوور لە ماڵەوە بژین، شێوەی کۆچەکەیان بەم جۆرەیە کە جەغزێک بە ئەندازەی چەند فەرسەخ دەکێشنەوە کە لە ئاخردا بگاتەوە سەر ماڵەکەی خۆیان، لەم ڕووەوە کە شێوەی خێوەت لێدان و ڕەوشی بژێوی ژیانیان عەینەن وەک سارانشینان وایە، لە شرۆڤەی ژیانی ئەم بنەماڵە گەڕیدانە کە بە بڕوای من نائاساییترین شێوە ژیانیان هەیە، واز دێنم، کوردان بێ کەمترین بژاڵ(*)، بە خێرایی و ئاسانی لەڕادەبەدەر جێگۆڕکێ دەکەن، بە سۆنگەی ئاژەڵی زۆر و کەلوپەلی پێویست کە هەمیشە بە بڕی زۆر پێیانە، شێوازی کارەکەیان شیاوی ستایشە، بنەماڵەکان زۆرجار لە دوازدە کەس پێک دێن کە لەخۆگری پیاو و ژن و منداڵ و خزمەتکارە، جنسی خێوەتەکانیان لە قوماشگەلی ئەستووری ڕەشی خورییە کە دەستچنی خۆیانە، خێوەتەکان لەسەر چەند ئەستوندەک هەڵدەدەن کە بە شێوەی نارێک لە عەرز گیراون، باب کە سەرۆکی بنەماڵەیە، هەرگیز خێوەت بەجێ ناهێڵێ؛ بەپێچەوانەوە کوڕان کە چەکدار و ئەسپ سوارن، بە کاروبارەکان ڕادەگەن، یان بۆ ئەنجامدانی هێندێ کار، دەچنە دەرەوە و جاری وایە ماوەی چەند حەوتوو، یان تەنانەت چەند مانگ نادیارن، کاتێ دەگەڕێنەوە، جگە لە جگەرەکێشان و قاوە نۆشین و خواردن و خەوتن، ئیشێکی تر ناکەن.

**ناو خێوەتەکان بۆ چواربەش، دابەش دەبن:**

**بەشی یەکـەم:** تایبــەت بە ئەندامی بنەمــاڵەیە، بە دیوارێکی ناسکی قــامــیش کــە بڵندی نزیک گــەزێکە (سێ پێ)، لە بەشەکـانی تر جیـا دەبێـتـەوە، ئەم دیوارە ناسکە کە ڕەنگەکەی سەوزە، چون بەشێـوەیەکی تەنک چنراوە، نابێتە لەمپەری ڕەتبوونی هەوا؛ هەر بەو هۆیەش ئەم بەشە هەمیشە زۆر فێنکە، ئەم پارە(*) کە هاوکات، ئۆبەی کـۆبوونەوەی بنەمــاڵە و شــوێنی نان خــواردن و خەوتنە، فەرشی تێدا ڕادەخەن، کورد وەک چینی هەژاری ئێـران، هەمـوو لە یەک ئۆبەدا دەخـەون، باب و دایک و کچ و بووک و زاوا و منداڵ، بەشێـوەی تێکەڵاو لە یەک شوێندا دەژین، ئەم دابە لە گورجستانیش باوە.

**بەشی دووەم:** تایبەت بە ئەسپ و خاوەنەکەیەتی.

**بەشی سێیەم:** کە لە بەشەکـانی تر گەورەترە، تایبەت بەو ئاژەڵانەی دەبوو کـە بۆ مـەزرا نەدەناردران و شـەو لە خـێـوەتدا دەمـانەوە، وەک مـانگا و مـەڕ و مـایین کـە زاوزێیان دەکرد.

**بەشی چوارەم:** تایبـەتە بە چێـشـتـخـانە و نانکردن و حەمـام، بەکورتی بۆ کاروباری مـاڵداری تەرخـان دەکرا، ژنان کـە زۆر زەحـمـەتکێش و کـارامـەن، بە پێـچـەوانەی ژنان و پیـاوانی شار و گـوند، یەکـجـار پاک و خـاوێنن، هەمـیـشـە خـەریکی کـابانین، وەخـتێ لە کـاری مـاڵێ دەبنەوە، دەست دەکـــەن بە چنینی هەمـــەچەشن و دەستکردی خوری، بەتایبـەت کەنارەی پان، ئەم کەنارانە لە تەواوی ئێـران دەفـرۆشـرێ و بە لکاندنیـان پێکەوە، فەرشگەڵێک بە دەست دێ کە زیاتر خەڵکی چینی هەژار بەکاری دێنن. (١٩)

جلوبەرگی ژنانی خێـڵەکی لەگەڵ جلوبەرگێـک کـە لە شارەکـاندا دەبینرێ، جیـاوازە، ژنان جلوبەرگێکی درێژ لەبەر دەکـەن کـە قــەڵشــتــێکی لە ســەرەوەیە و بە کـەمەربەندێکی سپی ڕادەگیـرێ، کە هەر دوو سـەری لە پێـشـەوە دالەقـاوە، دەسمـاڵەکـەیان لە پارچەی سـپی دەزوویییە کە بە هەر دوو لای دەموچاودا شۆڕ بۆتەوە و تا نێـوقـەد دێتـە خـوار، دەسـمـاڵ بەهۆی جـۆرێک نەواری باریکی ئاوریشـمی قـاوەیی ڕادەگیـرێ کـە لە دەور سەر پێچراوە و لەسەر نێوچاوان گرێ دراوە.

ژنان، قــەدبڵند و بەهێــز و زۆر جــوانن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەردەوام لەبەر تیشکی خۆرن، ڕەنگی دەموچاویان لە قاوەیی دەکا، ژنانی کورد ئەگەرچی شێوەی ئاخافتن و ئاکـاریان تا ڕادەیەک توندە، بەشـێـوەی ڕێژەیی ئارام و دلۆڤـانن، لە دیداری یەکـەمدا، ناهومـێـد دێنە بەرچاو، بەڵام زۆر زوو ئەم شـێــوازە دەگـۆڕن؛ بەتایبــەت ئەگــەر دیاریـیـان پێ بدرێ ڕەوشـتــیـان گــونجـاوتر دەبێ و هەر خزمەتگوزارییەک بتەوێ، ئەنجامی دەدەن.

بنەمـاڵەی خێـڵەکی، بە دەگـمـەن بە تەنیـایی سـەفـەر دەکا، گەلێ جار نزیکەی بیست بنەماڵە بەپێی پێوەندی دۆسـتـایەتی، یان خزمـایەتی کە لە نێو خۆیاندا هەیانە، دەبنە هاوسـەفـەر، ئینجـا ئەو ناوچانەی وا ئاوی باش و لەوەڕگـەی چاکـیـان هەیە، هەڵدەبژێرن، بـەو حـاڵەشـەوە خێوەتەکان بە مەودای چەند سەد تواز (بەرابەر ١/٩٤٩ متر) لەیەکتر، هەڵدەدەن، تا وەختێ لە لەوەڕگەکان ئالف پەیدا بێ، لەوێ دەمـێـننەوە، پاشـان بارگـەوبنەی خـۆیان دەنـێـنـە پـشـت چاروا و بـۆ نـاوچـەگـــــەلـی تـر کــــە پێداویسـتـییـەکـانیـان بەدی دێنێ، جێگۆڕکێ دەکەن، لە وەرزی زسـتـان زیاتر لە هەر وەخـتـێک، ڕوو لە ڕۆژهەڵات دەکەن و لە مانگەکانی سەرماوەز و بەفرانبار و ڕێبەندان، تا ئەو پەڕی قوم، تەنانەت ئیسفەهان پێشڕەوی دەکەن.

کــاری ئاگـاداری لە مـێگەل کـە بەردەوام بە شـوێنیـدا وێڵن، لە ئەسـتـۆی خـزمـەتگـوزارێکە کــە زۆر نەدار و بێچارەیە، ئەم بێچارەیە لە هەر وەرز و کەشوهەوایەکدا، مـەزرا بەجێ ناهێـڵێ؛ خـۆراکی بەسـتـراوەتەوە بە نـانی ویشـک و پەنیـری بزن کــە مـاوەی هەشت تا پازدە ڕۆژ جـارێک وەری دەگـرێ، پەنیـرەکە بە شـێـوەی شێلدراو دەخەنە پێستی بەرخەوە کە بە شکڵی خیگ دەرهاتووە و لە کـوڵێ دەبەستن، جلوبەرگیـان زۆر هەژارانەیە بەم هۆیە بۆ پاراستنی خۆیان لە دەست سەرمای سروشت، سەرەڕای پۆشـاک کــە دەبێ هەر بە نەبوون دانرێ، ئەندامــیــان بە لبادێکی بڵند کە لە نێوەڕاستدا کونێکی بۆ سەردەرێنان تێ کـراوە، دادەپۆشن، ئەم ڕووپۆشە کـاتێ لەبەر دەکـرێ، تا ڕادەیەک لە جلکی قەشەکانی کاتۆلیک دەچێ.

کــاتێ عــێــلاتی خــێــڵــەکی لە لەوەڕگـــەیەکــەوە بۆ لەوەڕگـــەیەکی تر دەچن، ئەگـــەر جێ لەوەڕیان دەست نەکـەوێ، لە دێهـاتی سـەر ڕێ دەمـێننەوە، ئەم خـێـڵاتە، هیچ کـات ناچنە ناو مـاڵەکـانەوە، بەپێـچـەوانەوە سـەد

هەنگاویش لێیان نێوان دەگرن؛ بە بارگەوبنە و وشترەکانیان مەتەرێزێکی جەغزیی پێکدێنن و لەکاتی شەودا ئاژەڵەکانیان کە تا ئێواریٚ لە لەوەڕ بوون، لەم مەتەرێزەدا گەمارۆ دەدەن، گوندنشینەکان کە لە هەموو شوێنێک میواننەوازن، هەمیشە شتیان پیٚ دەدەن، خێڵەکییەکان بچنە هەر شوێنیٚ، ڕێزیان لیٚ دەگرن؛ لەم ڕووەوە جودا لە دۆخی نالەباریان، نابیٚ ئەوان بە چارەڕەش بزانین، بەهۆی ڕەنگی خێوەتیان، ئێرانییەکان پێیان دەڵێن ڕەشماڵ؛ ئەوان لە هاتنیان بۆ لەوەڕگەی خۆیان بەرگری ناکەن، بەڵکو تەنانەت بە هاتنیان زۆریش خۆشحاڵ دەبن؛ لەبەر ئەوەی جموجووڵ و شادی لەگەڵ خۆیان دێنن، سەرەڕای ئەوەش، مانگا و مەڕەکانیان بە بەهای باشتر و هەرزانتر لیٚ دەکڕن لەچاو ئەو بازاڕانەی وا ئەم جۆرە مامەڵانەی تێدا دەکریٚ.

**فەرهەنگۆک:**

ژیوەر: ژیانی شارستانیانە(تمدن).

هەڵەشە: سەرەڕۆ، لاسار.

دزە: ڕەخنەکردن، دزەکردن (نفوذ).

سەقام: ڕێکوپێکی (نظم).

خاوەندارێتی: مڵکایەتی (مالکیت).

چنگە: ئازا (کارامد).

ناحەز: دوژمن.

پەیجۆر: شوێن گێڕ(پیگیر).

بڕ: هێند(مقدار).

بار: وەزع.

پار: بەش.

تاپۆ: مووچە و مەزرای خەڵاتی و بیٚ باج(تیول).

ڕانگە: شوێنی خەتەر(مهلکە).

**پەراوێزەکان:**

١- ئەم سەفەرنامەیە هەوەڵ جار لەساڵی ١٨١٩ی زایینی، لە سەن - پێترزبوورگ، لە ١٥٠ نوسخەدا چاپ بووە (بڕوانە سەفەرنامەی درۆڤیل: وەرگێڕانی جەواد موحیببی، ١٣٣٧ی هەتاوی).

٢- «کرماشان؛ ناوەندی حکومەتی پارێزگای کوردستانی ئێرانە کە لەگەڵ لوڕستان و خوزستان، تاپۆی(*) محەمەدعەلی میرزان؛ کوڕی گەورەی شا، ئەم شارە بنکە و شوێنگەی شازادەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەهلی دیوەخان کە هەموویان سپایین، دەوریان داوە، ناوبراو دەتوانیٚ سی هەزار سوار ئامادە بکا، بەڵام جگە لە چەند زەنبوورەک، هێزی پیادە و تۆپخانەی لەبەر دەستدا نییە» (درۆڤیل، ١٣٦٥ :٣٥٨-٣٥٧).

٣- «کوردستان؛ شوێنگەی نیشتەجێی کوردانە کە بریتییە لە بەشی زۆرینەی دووچۆمانی کەونارا، بەشێک لە ئەرمەنستان و چەند پارێزگایەک لە ئێران، بەم چەند پارێزگایەی هەڵکەوتوو لە ئێران، دەڵێن کوردستانی ئێران کە بەشێک لە قەڵەمڕەوی محەمەدعەلی میرزایە، بەو هەرێمەی وا یەکجیٚ پێی دەڵێن کوردستان، بەپێی ژمارەی خێڵات و هۆزەکان، ئەمارەت هەیە کە هەر چەند خاوەن سەربەخۆیین، بەڵام باجدەری ئێران، یان تورکیان» (درۆڤیل، ١٣٦٥ :٣٥٧).

٤- هەکاری: «ئەیالەت، یان باشترە بڵێین سوڵتان نشینی کوردستانە کە لە کووشالەوە تا نزیک شوێنی لکانی بە دیجلە، بڵاوبۆتەوە، کوردستان هەرچەند خەراجدەری ئێرانە، بەو حاڵەشەوە وڵاتێکی سەربەخۆیە، پیاوێکی بەساڵاچوو بە ناوی مستەفاخان بەسەریدا فەرمانڕەوایی دەکا، ناوبراو دەتوانیٚ چل هەزار عەسکەری پیادە ئامادە بکا کە زۆرینەیان مەسیحی و پێڕەوی ئایینی نەستوورین، دەست گەیشتن بە هەکاری لە لای ئێرانەوە تەنیا لە دوو ڕێی باریکەوە مەیسەرە کە تەنانەت وشترەکانیش بە زەحمەت دەتوانن لێی ڕەت بن» (درۆڤیل، ١٣٦٥: ٣٤٥-٣٤٤).

لە کتێبی "کوردەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی"دا، لەمەڕ هەکاری ئاوا هاتووە: «ناوچەگەلی نێوان گۆلی وان و ورمیٚ، هەمووی لە دەست میری هەکاریدا بوو، بە قەولی چەند سەرچاوەی بڕواپێکراو، حاکمانی هەکاری بە ئاسانی دەیانتوانی هێزێکی چل هەزارکەسی ئامادە بکەن، بە لەبەرچاوگرتنی دزەی حاکمانی ئێران لەسەر کوردەکانی عوسمانی، دیارە بەشێوازگەلی جۆراوجۆر و بەردەوام، هەوڵیان دەدا کە سەرنجی فەرمانڕەواکانی هەکاری بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن، لەم ڕووەوە نوێنەری شای ئێران - حاکمی ئازەربایجان - چالاکی بەربڵاوی نواند و کاتیٚ کە شازادە عەباس میرزا کەوتە شەڕ لەگەڵ ڕووسیا، ئەم مەسەلەیە گرینگی زیاتری پەیدا کرد، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە شێوەگەلی جۆراوجۆر کەڵک وەرگیرا کە لە ئاکامدا توانییان کوردەکانی نیشتەجیٚ، بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن، سمایل بەگ کە سەدارەتی لە ئەستۆ بوو، پیاوێکی بە دەسەڵات و خاوەن قەڵایەکی قایم لە درێژەی

زنجیرەکێوی زاگرۆس بوو بە ناوی "بیلام" کە هۆزەکەشی هەر بەم ناوە دەخوێنرایەوە و تارادەیەک لە سەربەخۆیی بەهرەمەند بوو» (جەلیل، ١٣٨١: ٨٢).

٥- «جولامرک؛ شارۆچکەیەکە لە کوردستان و ناوەندی هەرێمی هەکاری، ئەم شارە لە زینووی کێوی زاگرۆس هەڵکەوتووە، حاکمەکەی لە کۆشکێکی قایمدایە کە لەسەر تەپۆڵکێکی داخز لە ناوەڕاستی شاردا بینا کراوە، ئەم کۆشکە ئاوی نییە، لقێک لە زابی گەورە بە خوارەوەی شاردا تێدەپەڕێ و پاش تێپەڕبوون بە شیوگەلی تەنگدا، کەمێ خوارتر لە مووسڵ، دەڕژێتە دیجلەوە» (درۆڤیل، ١٣٦٥ :٣٤٤).

«هەکاری ناوچەیەکی کوێستانییە کە لە باشووری گۆلی وان هەڵکەوتووە و زابی گەورە بە باکووریدا ڕەوانە. پێتەختەکەی "جۆلە مێرگ"ە و قەڵایەکی گەورە و قایمی هەیە بە ناوی "ئێستادێل"» (جەلیل، ١٣٨١: ٨٠-٨١).

٦- لە "لغتنامە"ی دیهخودا لەمەڕ بەیگلەربەیگی ئاوا هاتووە:

بەیگلەربەیگییەکان حاکمانێک بوون کە لە پێتەختەوە دەستنیشان دەکران، بەڵام هێندێ جار لە بابەتگەلی تایبەتدا، ئەم پێگەیە بۆ ئەوان، حاڵەتی میراتیی (موروثی) هەبوو، شەخسی بەیگلەربەیگ پلەی سەرتر بوو لە هەمووان، دەکەوتە پاش "صدراعظم" و تاقمێک سپایی لە ژێر دەستدا بوو، لە کاتی نەبوونی شا، دەبوو بە نایبولسەڵتەنە، لە سەردەمی سەفەویدا، وەک حاکمانی پارێزگا، لە ناوەندەوە دەستنیشان دەکران و هێندێ جار پێگەکەیان، میراتیی بوو، لە کۆتایی سەردەمی سەفەویدا، قەڵەمڕەوی سوڵتانەکان خاوەن چوار والی سەربەخۆ بوو لەگەڵ سێزدە بەیگلەربەیگی، لە سەرەتای سەردەمی قاجاریش وەک سەردەمی سەفەوی، بەیگلەربەیگی عینوانی حاکمی پارێزگاکان بوو کە لە لایەن سوڵتانەوە هەڵدەبژێردرا، بەڵام دواتر بەیگلەربەیگییەکان، لە پارێزگاکان بوونە خاوەن پێگەیەکی سەربەخۆ و خوارتر لە پلەی والی و حاکم؛ بۆ وێنە لە ئازەربایجان، لەناو بەشەکانی فەرمانڕەوایی شاردا بوون؛ ئەم عینوانە لای تورکانی عوسمانی، بەشێوەی "بەیلەربی" هاتووە؛ هاومانای میری میران، هەروەها تایبەت بە والیی پارێزگا گەورەکان بووە (دیهخودا، ١٣٧٢:ج٣، ٤٥٧٠).

٧- کوردەکان کە لە کاتی شەڕدا هێزی چەکدار بە وەلیعەهد (جێنشین) دەدەن و باجدەری ئەون؛ لە دانی هەر جۆرە ماڵیاتێک (باجێک) لە ئازەربایجان، بووراون.[و.ف]

٨- درۆڤیل، لە بەشی ٣٢دا، دەڵێ: «ئێران لە کاتی پەلاماردانی لەشکری بیانی، دەتوانێ سێ هەزار شەرڤانی کورد، ئامادەی بەرەی جەنگ بکا، بێ گومان کوردەکان جەنگاوەرێکی خراپ نین و بە بڕوای من سوارەکانیان لە چالاکیدا لەگەڵ مەملووکەکان هاوشانن» (درووبل، ١٣٦٥: ٢٥٦- ٢٥٧).

٩- لە سەرجەم ئەو هەڵە زۆر و زەقانەی وا نووسەر تووشی بووە، ئەوە لە هەموویان ئاشکراترە و بەڵگەکانیشی بێ بنەمان، زمان و دابونەریت و پێشینەی کورد، هەروەها ئەو مێژووەی لەبارەیەوە نووسراوە، سەلمێنەری خزمایەتی کوردە لەگەڵ نەتەوەکانی هیند و ئەورووپایی، هەروەها زیاتر لەگەڵ نەتەوەی فارس؛ بەشێوەیەک کە لەم بارەیەوە زۆر جێی دڕدۆنگی نییە.[و.ف]

١٠- هەڵبەت ئاشکرایە کە گشتگیرکردنی مەسەلەی چەتەیی هەڵەیە و هەموو گەڕۆکەکان لەسەر ئەم ڕایە نین؛ بۆ نموونە کۆرزۆن مەسەلەی چەتەیی کوردی، ئاوا شرۆڤە کردووە: «لەمەڕ ژیان و ڕەوشتی کوردەکان، لە شتی پڕوپووچی هێندێک گۆڤار، وا دەردەکەوێ ڕوانگەیەکی غەرەزاوی و هەڵە پەرەی گرتووە، وەک ئەوەی کە هەموویان بە سارانشین و ڕێگر دادەنێن و گەلێ جار ئەوانیان بە مایەی شەڕ و خراپە بە ئەژمار هێناوە، توندیی لێپرسینەوە و نارەزایەتی دژ بە ئاژاوەچییەکانیان، بە ئەندازەیەک زۆرە کە خەڵکی بێ تاوانیش دەگرێتەوە» (کۆرزۆن، ١٣٦٧: ج١، ٦٩٩). بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ چەتەیی و هۆکارەکانی، بڕوانە کتێبی: کورد لە سەفەرنامەکاندا(کوردەکانی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەوە تا کۆتایی پەهلەوی)، فەرامەرز ئاغابەیگی، لاپەڕەی: ٧٧-٧٩.

١١- بۆ گرینگی مەسەلەی میواننەوازی لەناو کورداندا، بڕوانە بەشی "میواننەوازی کورد و دابونەریتی میوانداری"، لە کتێبی: کورد لە سەفەرنامەکاندا (کوردەکانی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەوە تا کۆتایی پەهلەوی)، لاپەڕەی: ١٤٤-١٤٩.

١٢- «بلبان؛ شارێکە لە کوردستان و ناوەندی فەرمانڕەوایی عێلێکە هەر بەم ناوە، حکوومەتی ئەم شارە لە ئەستۆی بەگێکە کە لەوێ نیشتەجێیە» (درۆڤیل، ١٣٦٥ :٣٤٠).

١٣- «بیلان، شارۆچکەیەکی تارادەیەک گرینگی کوردستانە کە لە نزیکیدا قەڵایەکی قایم هەر بەو ناوە هەڵکەوتووە کە هی سەرۆک عێلە (بەڕواڵەت دەبێ بلیجان بێ) » (درۆڤیل، ١٣٦٥:٣٤١).

١٤- ڕاستە کە زۆرینەی کوردەکان سوننەن، بەڵام شتێک بە ناوی "ئایینی عومەر" بوونی نییە کە کوردەکان پەیڕەویی لێ

بکەن.[و.ف]

١٥- بەگی هەکاری کە لە دەست ئەم وەزعە نارازیی بوو، بۆ تۆڵەسەندنەوە کاتی بەدەرفەت زانی؛ وەختێ سمایل بەگ بە دوازدەهەزار کەس لە سوپاکەیەوە، ڕەگەڵ لەشکری وەلیعەهد کەوت؛ ئەو پێی وابوو دەتوانێ قەڵاکەی بە ئاسانی داگیر بکا، هەر بۆیە گەمارۆی دا، بەڵام خوشکی سمایل کە بەڕاستی ژنێکی ئازا بوو، دوای ئەوەی بە مەسەلەکەی زانی، بە پەلە نزیکەی چوارسەد سواری ئامادە کرد و خۆی لە پێشەنگی ئەم سوارانە، پەلاماری دا سەر باباخان؛ کوڕی بەگی هەکاری، باباخان بە خۆی و سێ هەزار پیادەی نیزامییەوە، بە سەختی شکستیان خوارد و زۆربەیان کوژران، یان ئەسیر بوون، باباخان بە زەحمەت توانی لەگەڵ چەند کەس، خۆی لە قڕانگە(*) ڕزگار بکات.[و.ف]

١٦- بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ پەڕ بەسەربی کوردان، بڕوانە وتاری: "پەڕ بەسەر بوونی کوردان"، ئاغابەیگی، فەرامەرز، گۆڤاری ڕامان، ژمارەی ٢٠٩ ساڵی ٢٠١٤ و ژمارەی ٢٢٣ ساڵی ٢٠١٥ی زایینی.

١٧- لە وتارێکدا لەژێر ناوی "جلوبەرگی ژنانی کوردی ئێران لە سەفەرنامەکانی سەردەمی سەفەوی تا کۆتایی پەهلەوی" باسی پەچەم (ڕووبەندە) کردووە کە لێرەدا کورتەیەکی بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر دێنمەوە:

بەگوێرەی ئەوەی وا لە سەفەرنامەکاندا هاتووە بەکارهێنانی ڕووبەندە لە نێو ژنانی کورد باو نەبووە و بەپێچەوانەی ژنانی ئێرانی، ژنانی کورد دەموچاویان دانەپۆشیوە (ئۆوبێن، ١٣٦٢: ١١٠، سێرسی، ١٣٦٢: ٧٦، مینۆرسکی، ١٣٧٨: ١٢٣-١٢٤، بێرد و وێستۆن، ١٣٧٦: ١٦٣) هەڵبەت بەکارنەهێنانی پەچە تەنیا تایبەت نییە بە سەردەمی دواییەوە، بەڵکو لە سەردەمی سەفەوییش ژنانی کورد دەموچاویان دانەپۆشیوە، هەر وەک پیترۆ دلاڤالە دەڵێ: «ژنەکانیان بە سەر و دەموچاوی ئاواڵە لە هاتوچۆدان و لەگەڵ پیاوی خۆماڵی و بیانی بەشێوەی ئازاد دێنە ئاخفتن» (دلاڤالە، ١٣٧٠: ٧) ڕاستییەکەی خەدی کێونشینی و ژینی کوێستانی و جۆری بەرێچوون کە زیاتر لەسەر بنەمای ئاژەڵداری دامەزرا بوو، لە بەکارنەهێنانی ڕووبەندە لە نێو ژنانی کورد کاریگەر بووە (ئاغابەیگی، ٢٠١٥: ١٤٢).

١٨- ئەم پڕوپووچانەی گاسپار لەمەڕ ژنانی کورد باسی کردووە، هەر کەسێ کە بۆرە ئاشنایەتییەکی لەگەڵ کورد هەبێ، دەزانێ کە هەڵە و ناڕاستە، ژنانی کورد لە داوێن پاکیدا نموونەن و پیاوان بایەخێکی زۆر بە ڕەچاوکردنی هەڵسوکەوتی ژن دەدەن، من لە کتێبی "کورد لە سەفەرنامەکاندا"، لە ژێرکۆمای بەشی پێنجەم؛ واتە "ژنانی کورد و چالاکییەکانیان"، ڕای هێندێکم لە گەڕیدەکان هێناوەتەوە کە ستایشی ژنی کورد دەکەن (بڕوانە کتێبی کورد لە سەفەرنامەکاندا: ئاغابەیگی، ٢٠١٤: ١١٤).

١٩- وێدەچێ مەبەستی نووسەر جاجم بێ کە چنینەکەی ئێستاش لە ناوچەکانی کوردنشین بڕەوی هەیە.[و.ف]

**سەرچاوەکان:**

**١- ئاغابەیگی، فەرامەرز (٢٠١٥ز)، جلوبەرگی ژنانی کوردی ئێران لە سەفەرنامەکانی سەردەمی سەفەوی تا کۆتایی پەهلەوی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢١٢.**

**٢- ئاغابەیگی، فەرامەرز (٢٠١٤ز)، کورد لە سەفەرنامەکاندا (کوردەکانی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەوە تا کۆتایی پەهلەوی)، چ یەکەم، هەولێر: موکریانی.**

**٣- جەلیل، جەلیل (١٣٨١)، کردهای امپراتوری عثمانی، ترجمەی صلاح الدین اشتی، چ اول، تهران: پانیذ.**

**٤- درووبل، گاسپار(١٣٦٥)، سفر در ایران، ترجمەی منوچهر اعتمادمقدم، چ دوم، تهران: شباویز.**

**٥- دروویل، گاسپار(١٣٣٧)، سفرنامەی دروویل، ترجمەی جواد محبی، چ اول، تهران: گوتنبرگ.**

**٦- دهخدا، علی اکبر(١٣٧٢)، لغتنامەی دهخدا، چ اول، ج ٣، تهران: مؤسسەی انتشارات و چاپ دانشگاه تهران.**

**٧- کرزن، جرج. ن(١٣٦٧)، ایران و قضیەی ایران، ترجمەی غلامعلی وحید مازندرانی، ٢ج، چ سوم، تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.**

**8- Drouville Gaspard(1825), Voyage en Perse, Fait en 1812 et 1813; Seconde Edition, Tome Premier: Paris.**